# چینی سووتاو بە هیوای دوارۆژ

زۆر لە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ درێژەپێدانی خوێندن، روو لە زانکۆکانی باشووری کوردستان دەکەن. لە ڕێگای دۆزینەوەی هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە و گەیاندنی زانیاری لەسەر بارودۆخی خوێندنیان، سەردانی کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەدینی هەولێرمان کرد و وتووێژمان لەگەڵ دەستەیەک لە خوێندکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهێنا.



هێرۆ مەولوودی 27 ساڵ تەمەن و خەڵکی شاری بۆکان کە لە ساڵی چوارەمی بەشی کۆمەڵناسیدایە، ئاشکرای کرد کە هاتنی بۆ ئێرە بە بێ هۆکار نیە، بەڵام ئاماژەیەکیش بە هۆکارەکانی نەکرد و وتی" من لە زانکۆی تاران بووم، بەڵام بە هۆی چەند هۆکارێکەوە بۆ درێژەپێدانی خوێندن هاتوومەتە باشووری کوردستان."

هەمان پرسیارمان ئاراستەی ساسان، خەڵکی بۆکان و ساڵی یەکەمی کۆمەڵناسی لە کۆلێژی ئاداب، کرد. ناوبراو لە وەڵامدا وتی: "من لە مهاباد رشتەی (حقوق)م دەخوێند، پاشان هێندێک کێشەم بۆ هاتە پێش و لە لایەکی دیکەشەوە پێم خۆش بوو بێمە ئێرە، بۆیە ئێرەم بۆ درێژەپێدانی خوێندن هەڵبژارد."

هەروەها، پەیمان، خەڵکی ورمێ، کە لە هەمان کۆلێژ، لە بەشی فەرانسەدا دەخوێنێ، هۆکارەکانی هاتنی بۆ هەولێر گەڕاندەوە بۆ 2 کێشەی ئابووری و سیاسی و وتی:" بە هۆی کێشەی کەمیی بژیوی ژیان، توانای چوون بۆ زانکۆی ئازادم نەبوو، جاشیش نەبووم تا بتوانم برۆمە زانکۆ حکوومەتییەکان."

لە لایەکی دیکەوە، پەیمان، خوێندنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا بە ئاسان زانی و وتی:" دەتوانی زۆر بە ئاسانی بخوێنی، بە مەرجێک واز لە کوردبوون و نەتەوەی خۆت بێنی."

دواکەسیش کە لەم بارەوە دوا، ئەمیر، خەڵکی پیرانشار و خوێندکاری بەشی یاسا بوو. ناوبراو وتی:" پارەم نەبوو و لە زانکۆی حکوومەتیش وەرنەگیرام." دواتر، لە هەڵوێست و سیاسەتی حکوومەتی ئێرانمان، سەبارەت بە خوێندن و بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ خوێندکارانی کوردی زانکۆکاندا کۆڵییەوە.

هێرۆ مەولوودی وتی:" کێشەی سەرەکیی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کێشەی سیاسییە." ناوبراو، باسی لە پشتیوانی نەکردنی حکوومەتی ئێران لە خوێندکاران، لە رووی مادییەوە کرد و بە کێشەیەکی دیکەی توێژی خوێندکاری دایە قەڵەم.

لە درێژەدا، ساسان، تیشکی خستەسەر کێشەی نەتەوەیی کورد و سەرکوتی بزاڤی خوێندکاری لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە و رایگەیاند:"حکوومەتی ئێران تاکوو ئێستا کوردی وەکوو نەتەوەیەک قبوول نەکردووە. هەر بزووتنەوەیەک کە لە زانکۆکاندا بەڕێ دەکەوێ رەت دەکاتەوە و لە بەرانبەریدا رادەوەستێ. زۆر لە خوێندکارەکانیش لەو ڕێگایەدا بوونەتە قوربانی."

هەروەها، ئەمیر، بەشێوەی گشتی و لە ئاستی نەتەوەدا، باسی لە کێشەکانی خوێندکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و وتی:" فەرق و جیاوازی لە نێوان کورد و فارس و تورکدا زۆرە."

ماوەیەک لەمەوبەر وەزارەتی خوێندنی ئێران رایگەیاند، بۆ بەڵگەنامەکانی دەرچوانی زانکۆکانی باشووری کوردستان، ئیعتبار دانانێ. قوتابیان و خوێندکارانی ڕۆژهەڵاتی لە زانکۆی سەلاحەدین، بەمجۆرە بۆچوونی خۆیان لەسەر دەربڕی:

هێرۆ مەولوودی وتی:" ئەوە لە یەکەم ساڵەوە ئەو شتە وتراوە. رەنگە هۆکارە سەرەکییەکەی ئەوە بێ کە حکوومەتی کوردییان بە دەوڵەت ئەژمار نەکردووە، بەڵام ئەو پێوەندییانەی ئێستا ئێران لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەیەتی، جێگای دڵخۆشییە." ناوبراو، کرانەوەی کونسولگەرییەکانی ئێران لە هەولێر و سلێمانی بە پردی پێوەندییەکی باشی نێوان ئێران و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەپێناو چارەسەریی ئەم مەسەلەیە لەقەڵەم دا و وتی:" دەکرێ لەو ڕێگایەوە حکوومەتی هەرێم پێوەندییەک لەگەڵ دەوڵەتی ئێران دروست بکا کە تەنیا لە رووی سیاسی و بازرگانییەوە نەبێ و دەبێ حەول بدا لە بواری زانستییشەوە پێوەندی دروست بکا. دەبێ چۆن حکوومەتی هەرێم دان بە بەڵگەنامەکانی ئێران دادەنێ، حکوومەتی ئێرانیش ئەو ئیعترافە بکا و ئەو هەلە بڕەخسێنێ بۆ ئەو گەنجانەی لێرە دەڕۆنەوە بۆ ئەوەیکە بەو بەڵگەنامەیەوە کە لێرە وەریدەگرن، کار بکەن و دابمەزرێن."

ساسان، هیچ هیوایەکی بە گۆڕان لەم هەڵوێستەی ئێراندا نەبوو. ئەو، لەوە دڵنیابوو کە ئیعتبارێک بۆ بەڵگەنامەکانیان، لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دانانرێ و بەم جۆرەش باسی لە هۆکارەکانی کرد:" ئێران، حکوومەتی هەرێمی کوردستانی قبووڵ نیە و قوتابیانیش بە شێوازی قاچاخ هاتوون. ئێمەش چاوەڕوانی ئەوە نین کە ئەو ئیعتباری بۆ دابنێ. هاتنی ئێمە بۆ گەڕانەوەی ئێران نییە." ناوبراو، بە هەست و سۆزێکی تایبەتییەوە وتی:"دووبارە بچینە ژێردەستی ئەو حکوومەتە؟! هاتووم بۆ ئەوەی خزمەت بە نەتەوەی خۆم بکەم. بە هەر شێوە ئێمە توێژێکی سووتاوین، ئەگەریش بمانەوێ بسووتین، با بە وردی و بە جوانی بۆ گەلەکەمان بسووتین."

لە لایەکی دیکەوە، پەیمان، هیوادار و پشت ئەستوور بە داهاتوو، کوردستانی پاش کۆماری ئیسلامیی بە گۆڕەپانی کار و خزمەت بە نەتەوەکەی دانا و وتی:"ماوەی دەسەڵاتدارێتی ئێران روو بە کۆتایی دەچێ، بۆیە بۆ دوارۆژی کوردستانم دەخوێنم."

هەر بەهەمان شێوە و زۆر بەکورتی، ئەمیر، لە وڵامی ئەو پرسیارەدا وتی:"ئەگەر قبووڵی نەکرد، ئێمەش ناگەڕێینەوە ئێران."

لە درێژەی وتووێژ لەگەڵ ئەو دەستە لە قوتابیانەی زانکۆی سەلاحەدینی هەولێردا، دۆخی خوێندن و گیروگرفتەکانیانمان، خستە بەر باس و وتووێژ.

سەرەتا، هێرۆ مەولوودی، پێیوابوو کە جیاوازی هەیە لە نێوان بارودۆخی خوێندنی ئەوان و ئەو کۆمەڵە قوتابییەی لە ئێراندا دەخوێنن و وتی:" رەنگە بارودۆخی خوێندنمان جیاواز بێ لەگەڵ ئێراندا. بەو پێیەی من هەم لێرە دەخوێنم و هەمیش لەو دیو خوێندوومە." بە بۆچوونی هێرۆ،" دۆخی زانستیی ئێرە لە ئاستێکی خوارترەوەیە." هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەیکە " ماموستاکان بە شێوەیەکی ئەوتۆ کاریان لەپێناو وانە وتنەوەدا نەکردووە."

هەروەها، ساسان لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە، کێشەیەکی وایان نیە. لە درێژەشدا وتی:" ئێمە لە سەرەتایی و ناوەندی، ماموستا فێری کردین کە چۆن بخوێنین. 12 ساڵ ئەوە فێربووین. کە هاتووینەتە زانکۆ، دەبێ لەپێشدا خۆمان بناسین و دوایە ڕێبازی خۆمان بدۆزینەوە و لە پێناویدا تێبکۆشین."

پەیمان، بەگشتی لە دۆخی خوێندنیان رازی بوو، بەڵام گلەیی لە ماموستاکانیان هەبوو و دەیوت :" فەرق و جیاوازیمان بۆ دادەنێن و هێندێک لە ماموستاکانمان دیکتاتۆرن."

هەر بەهەمان شێواز، ئەمیر، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە، "لە نێوان کوردەکانی پارچەکانی کوردستاندا جیاوازی دادەنێن." لەدرێژەدا، ئەو چوار قوتابییە، سەبارەت بە مانەوە و شوێنی حەوانەوەیان لە باشووری کوردستان دوان.

خاتوو هێرۆ، پێیوابوو کە، بۆ مانەوە هیچ کێشەیەکیان بۆ دروست نەبووە. ناوبراو، سوپاسی (بەشی ڕاگرایەتی کاروباری قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین)ی کرد و وتی:"بەڕاستی هەموو کاتێ یارمەتیی قوتابیان، بەتایبەتی پارچەکانی دیکەی کوردستانیان داوە."

هەروەها، ساسان، ئەو وتانەی پشتڕاست کردەوە و وتیشی:" ئیمکاناتمان لە چاو خوێندکارانی باشووری کوردستان، زۆر باشترە. ئیتر نازانم دوای دەرچوونمان چۆن دەبین."

پەیمان، لە دۆخی داهاتووی مانەوەیان دەترسا و وتی:" کێشەمان نیە، بەڵام تا کاتێک کە دەخوێنین. پاشان کێشەکانمان لە هەموو بوارێکەوە سەرهەڵدەدەن." ئەمیریش جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە، جێگایان باشە و کێشەیەکی ئەوتۆ و بەرچاویان نیە.

لە درێژەدا، "بۆ کوردستان"، لە خزمەتگوزاری و یارمەتییەکانی حکوومەتی هەرێم، دەرحەق بە خوێندکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کۆڵییەوە.

بەگشتی، هێرۆ مەولوودی، لە دەست حکوومەت رازی بوو. بە بڕوای ساسانیش، هەر ئەوەندەی حکوومەتی کوردی، ئەوانی لە زانکۆکاندا وەرگرتووە، باشترین یارمەتییانی داوە. دوایە، ناوبراو، تیشکی خستەسەر خوێندیان بە زمانی کوردی و وتی:" کە بە زمانی کوردی، بە زمانی دایکیم دەخوێنم، هەست دەکەم کەسایەتیی خۆمم دۆزیوەتەوە."

## کە بە کوردی دەخوێنم، هەست دەکەم کەسایەتیی خۆمم دۆزیوەتەوە

هەروەها، پەیمان، وای دەبینی کە، "لە لایەن سەرۆکایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، جیاوازییان نیە، بەڵام لە لایەنەکانیترەوە جیاوازییان بۆ دادەنێن."

هەر سەبارەت بەو بابەتە، ئەمیر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە "حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تا ڕادەی پێویست یارمەتیی قوتابیانی ڕۆژهەڵاتیی داوە."

هەڵوێستی حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات و نێشتەجێ لە باشووری کوردستان، لە بەرانبەر خوێندکاراندا، بەشێکی دیکە لە وتووێژەکەمانی پێکهێنابوو.

سەرەتا، هێرۆ مەولوودی لەوبوارەوە وتی:" هەر کام لە حیزبەکان لە بواری مانەوە و نێشتەجێ بوونی خوێندکاراندا کاریان کردووە. یانی بە نامە، ئاسایش و لایەنە پێوەندیدارەکانی دیکەیان ئاگادار کردووەتەوە، کە ئەم کەسانە کێشەی ئەمنیان لەسەر نییە و بۆ خوێندن هاتوونەتە ئێرە."

پەیمان، ڕەتی کردەوە کە حیزبەکان یارمەتییەکی خوێندکارانیان دابێ و وتی:"نەخێر، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پاڵپشتییەکی ئێمەیان نەکردووە." ناوبراو ، پارتێکی باکووری کوردستانی، وەک نموونەیەک لەو لایەنە کوردییانە هێنایەوە کە بە باشی یارمەتیی خوێندکارانی کوردیان داوە و وتی:" (پارتی دیموکراتی باکوور) لە هەموو بوارێکەوە یارمەتیی قوتابییانی باکووری کوردستان دەدا."

بە هەمان شێوە، ئەمیریش دانی بەوە دانا کە لە لایەن حیزبەکانەوە پاڵپشتییەکیان لێ نەکراوە. هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی:" هێشتا بۆخۆیان ڕێکنەکەوتوون و هەر رۆژ ئینشعابێکیان تێدەکەوێ و ئێمەش پێوەندییان پێوە ناکەین."

داواکاریی قوتابیان، لە لایەنە پێوەندیدارەکان، لە پێناو باشتربوونی دۆخی مانەوە و خوێندیان، دوابەشی دیمانەکەمانی پێکهێنا.

بەگشتی، ئەو چوار خوێندکارە، یەک داواکارییان لە لایەنە پێوەندیدارەکان هەبوو. ئەویش پێدانی ناسنامە(جنسیە)ی عێراقی بوو.

## ڕێپێوانێك بە بەشداریی کوردانی هەر چوارپارچەی کوردستان لەهولەند

بە پێی هەواڵی ماڵپەڕی PAZADIK، ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 16 مارسی 2008، بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کارەساتی هەڵەبجە، لە شاری ئارنهێمی وڵاتی هولەند، بەسەرپەرشتی کۆمەڵەی برایەتی و کۆمەڵەی نارین و بەشێک لە پارتە سیاسییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان، ڕێپێوانێکی بەرفراوان بەڕێوەچوو.

بەشداربووانی ڕێپێوانەکە، وێڕای ئیدانەکردنی ئەنجامی کارەساتی دڵتەزێنی هەڵەبجە، خوازیاری بە سزا گەیاندنی تاوانباران و گرینگیپێدانی زۆرتر بەو تاوانە گەورەیە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، بوون.

ڕێپێوانەکە، کە تێیدا کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی هەرچوار پارچەی کوردستان بەشدار بوون، کاتژمێر 13:00، لە "Willems plein" دەستیپێکرد و پاش 3 کاتژمێر لە " Broeren straat" کۆتایی پێهات.

شایانی باسە، پارتی ئازادیی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دەستێکی باڵایان لە ڕێکخستنی ڕێپێوانەکەدا هەبوو و بە گەرمی بەشدارییان تێیدا کرد.

